# جوێندەر ودەمشڕ نەبووە، وکەسێک نەبووە دەنگی بەرز بکاتەوە (بەسەر خەڵکی) لە بازاڕەکاندا، وخراپەی ئەنجام نەدەدا بەرامبەر بە خراپە (کە دەرهەقی کرابێت)، بەڵکو لێبووردە بوو و (لە خەڵکی) خۆش دەبوو

لە ئەبی عبد الله ئەلجەدەلیەوە دەڵێت: پرسیارم لە عائیشە کرد -ڕەزای خوای لێبێت-، سەبارەت بە ڕەوشتی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەویش ووتی: «جوێندەر ودەمشڕ نەبووە، وکەسێک نەبووە دەنگی بەرز بکاتەوە (بەسەر خەڵکی) لە بازاڕەکاندا، وخراپەی ئەنجام نەدەدا بەرامبەر بە خراپە (کە دەرهەقی کرابێت)، بەڵکو لێبووردە بوو و (لە خەڵکی) خۆش دەبوو».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەبی عبد الله ئەلجەدەلی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- پرسیاری لە عائیشە کرد -ڕەزای خوای لێبێت- سەبارەت بە ڕەوشتی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەویش ووتی: خاوەن ڕەوشتێکی بەرز وبڵند بووە، قسەی ناشیرین وناڕەوای نەوتووە، وجوێندەر ودەمشڕ نەبووە، وکەسێک نەبووە دەنگی بەرز بکاتەوە بەسەر خەڵکی لە بازاڕەکاندا چونکە ئەمانە نیشانەی خراپی ڕەوشتی مرۆڤن، وهاواری نەدەکرد بەسەر کەسدا، بەڵکو نەرمونیان بوو لەگەڵ خەڵکیدا، وئەگەر کەسێک خراپەی بەرامبەری ئەنجام بدایە؛ ئەوا بە خراپە وەڵامی نەدەدایەوە، بەڵکو لێبووردە بوو ولە خەڵکی خۆش دەبوو.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10974

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee